# ئیمان هێنان به مه‌لائیکه‌ت

[ به كوردی ]

# الإيمان بالملائكة

[ باللغة الكوردية ]

ئاماده‌كردنی : عه‌بدوللّه سابیر گه‌رمیانی
إعداد : عبد الله سابير كرمياني

پێداچونه‌وه: پشتیوان سابیر عه‌زیز
المراجعة:بشتيوان صابر عزيز

نوسینگه‌ی ( ره‌بوه‌ی ) هه‌ره‌وه‌زیی بۆ بانگه‌واز و وشیاركردنه‌وه‌ی ڕه‌وه‌نده‌كان له شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة
بمدينة الرياض

**2009 -1430**

islamhouse.com

# ڕوونکردنەوەی پایەکانی ئیمان

## ئیمان هێنان بەمەلائیکەت

دەبێ ئیمان بەوەبهێنین کەوا مەلائیکەت دروست کراوێکی خوای گەورەن. لەنور دروست کراون نەنێرە و نەمێ یەن ، وەنەدەخۆن ونەدەخۆنەوە . خوای گەورە تەنها دروستی کردوون بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی خۆی، وەخوای گەورە بەشێوەیەك دروستی کردوون کەقەت سەرپیچی فەرمانەکانی ناکەن و خودا جی فەرموو ، ئەوەئەنجام ئەدەن .

هەروەها جیهانی ئەوان جیهانیکی غەیبی یە.

واتەنادیارە، وەجەندەها جۆرن ، وەژمارەشیان یەکجار زۆرەکەس نایزانێ تەنها خوای گەورەنەبێ ، وەهەر یەك كارو فرمانێکی تایبەتی خۆی هەیە، لەوانە:

یەکەم: جبریل: فەرمانی پێ کراوەبەوەحی، لەلایەن خوای گەورەوەدایدەبەزێنێتەسەر پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام.

دووەم: ئیسرافیل: فەرمانی پێ کراوەبەنەفخی صور، وەیەکێکەلاوەنەی عرشیان هەڵگرتوە.

سێیەم: میکائیل: فەرمانی پێ کراوەبەباران بارین و نەبات( القطر والنبات ) .

وەئەم سیانەهەموویان فەرمانیان پێ کراوەبەوەی ژیانی تێیدایە، ئەواتەجبیرل فرمانی پێ کراوەبەوەحی، ئەویش ژیانی تایەبۆ دڵەکان، وەمیکائیل فەرمانی پێ کراوەبە( قطر ونبات ) ئەویش ژیانی تێدایەبۆ زەوی، وەئیسرافیل فوو دەکاتە ( صور ) ، ئەویش ژیانی تێدایەبۆ لاشەکان لەرۆژی قیامەتدا.

هەروەها هەیانەفەرمانی پیَ کراوەبەگیان کیَشانی مرۆڤ یان هەموو گیان لەبەریَك، ئەویش ( ملك الموت ) لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵیدان، وەئەو مەلائیکەتەپیَی ناوتریَت ( عزرائیل )؛ چونکەجیَگر نەبووەلەپیَغەمبەری خواوەکەئەوەناوی بیَت.خوای گەورەدەفەرمویَت:{ حَتَّى إِذَا جَاءَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لا يُفَرِّطُونَ } (الأنعام: من الآية٦١) وەدەفەرمویَت : {قُلْ يَتَوَفَّاكُمْ مَلَكُ الْمَوْتِ الَّذِي وُكِّلَ بِكُمْ ثُمَّ إِلَى رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ } (السجدة:١١) . بەڵی خۆشەویستان: دەبیَت ئیَمەباوەڕمان هەبیَت بەو ناوانەی کەهاتوون لەقورئان و سوننەت، وەباوەڕمان هەبیَت بەو فەرمانانەی کەپیَیان کراوەلەلایەن خوای گەورەوە، وەك خوای گەورەدەفەرمویَت:{وَلَهُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَنْ عِنْدَهُ لَا يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِ وَلَا يَسْتَحْسِرُونَ (١٩) يُسَبِّحُونَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ لَا يَفْتُرُونَ } ( الأنبياء/١٩ـ٢٠) واتە: ئەوانەی لەلای خودان (مەلا ئیکەتەکان) خۆیان بەگەورەتر نازانن لەوەی خوای گەورەبپەرستن وەبەشەو و ڕۆژ ذکر و تەسبیحاتی خودا دەکەن و ماندوو نابن .

هەروەها خوای گەورەدەفەرمویَت : { يَخَافُونَ رَبَّهُمْ مِنْ فَوْقِهِمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ} (النحل/٥٠) .

واتە: وە لە پەروەردگاریان کەلەسەریانەئەترسن، وەئەوەئەنجام ئەدەن کەفەرمانیان پیَ کراوە.

هەروەها خوای گەورەدەربارەی سیفەتیان دەفەرمویَت : { الْحَمْدُ لِلَّهِ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ جَاعِلِ الْمَلَائِكَةِ رُسُلًا أُولِي أَجْنِحَةٍ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ يَزِيدُ فِي الْخَلْقِ مَا يَشَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ } (فاطر/١) .

واتە: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کەبەدیهیَنەری ئاسمانەکان و زەویە. وەمەلائیکەتی گیَراوەبەپەیامبەر کەوەحی بۆ پیَغەمبەران دەهیَنی ، ئەو مەلائیکەتانەیش هەیانە. دوو باڵی هەیە . هەیانەسیَ باڵی هەیەوهەیانەچوار......وەهەندیَکیان لەمەزیاترو هەندیَکیان لەمەکەمتر وەخوای گەورەباڵا دەستەبەسەر هەموو شتیَك.

هەروەها ابن مسعود(خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت. پێغەمبەر( صلى الله علیەوسلم ) { رأى جبريل (عليه السلام) له ستمائة جناح} ئیمام بوخاری ریوایەتی کردوە .

واتە: (جبریل) بینی (٦٠٠) باڵی هەبوو .

هەروەها پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەربارەی ئەو مادەیەی لێ ی دروست کراون دەفەرموێت : {خلقت الملائکەمن نور}، ئیمام موسلیم ریوایەتی کردوە .

واتە: مەلائیکەت لەنور دروست کراوە.

ئەمەبەکورتی ئیمان هێنان بوو بەمەلائیکەت .

سەرچاوە:

١-شەرحی عەقیدەی واسطیه، شێخ موحەمەد صاڵح العثیمین ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ لاپەڕە: ٤٥ تا ٤٨ ، دار الثريا للنشر ١٤٢٦ کۆچی.

٢-ئیمان لەلای ئەهلی سونەو جەماعە، نوسینی:الیاس محمد کوردی، چاپی دووەم، لاپەڕە: ١٢ و ١٣.